# مهاباد له مابەینی دووشەڕدا

## بەشی 3

## راپەڕینی عه باس خانی سەرداررەشید و سالارولدەولەی قاجارو دژبەری کردنی ناسیونالیستەکانی مهاباد (1303ی ە. ش)

ساڵی 1925 کاتێک رەزاخان له هەوڵی ئەوه دابوو سەلتەنەتی سەدوبیست و پێنج ساڵەی خانەدانی قاجار خاتیمه پێ بدا و بنەماڵەی پەهلەوی بکاته خاوەنی تەخت و تاج ، بنەماڵەی قاجار دەستەوداوێنی کوردەکان بوون و بۆ پاراستنی تاج و تەختی له مەترسی کەوتوویان داوای یارید ه یان لێ کردن . بەوهۆیەوه بوو سالارولدەولەی قاجار که له رێگای ژن وژن خوازیەوه دەگەڵ هێندێک تایەفەی کورد پێوەندی خزمایەتی بەرقەرار کردبوو هاته نێو کوردەکان تا زەمینەی توغیان ئاماده بکا.

رەزاخان بۆ پێش گرتن له نفووزی سمکۆ لەو توغیانەدا و دروست کردنی دووبەرەکی له نێو سەرۆکەکانی کورد دا ، دەستی به وتووێژ دەگەڵ سمکۆ کرد و دوای پێک هاتنێکی ما به ینیان سمایلاغا دیسان گەڕاوه چاریه . هەر لەو کاته دا عەباس خانی سەردار رەشید له جنووبی کوردستان داوای له کوردەکان دەکرد له دژی رەزاخان یەک بگرن . ناوبراو پێش تر چه ندین جار له دژی دەسەڵاتەکانی وەخت راپەڕیبوو ئەوجاریش فرسەتەکەی قوستەوه وسالارولدەولەشی که له نێو کوردەکاندا نفووزو ئیعتباری هەبوو دەگەڵ خۆی هاوڕا کردبوو. ئیدی شۆڕش سەراسەری کوردستان له جوانڕۆ ، رەوانسەر ، نوسوود و هەورامانەوه بگره تا سنه و مەریوان و سەقز و بانه وسەردەشتی داگرت.

رەزاخان به هەڵبژاردنی تاکتیکی وتووێژ دەگەڵ سمکۆ له گەشه کردن و گەیشتنی نفووزی شۆڕش به ناوچەکانی شیمالی کوردستان ، که به نیسبەت جنووبی کوردستان باری ئیستراتژیکی بەرزتریان هەبوو پێشگیری کرد بەڵام له جنووبی مهاباد عێلەکانی گەورک و سوێسنی و پشدەری و ملکاری پادگانی دەوڵەتی و پاسگای ژاندارمێریان دا بەر هێرش . شاری سەردەشتیان گرت و عیماراتی دەوڵەتی یان ئاور تێ بەردا. هەڵس و کەوتی جووڵانەوەی کوردەکان له جنووبی مهاباد پێشتر به هۆی هێرشی تایەفەکانی عەشیرەتی جاف لەو بەری سنوورەوه رێگای بۆ خۆش کرابوو . رەزاخان به ئاگاداربوون لەو وەزعه وەکوو وەزیری شەڕ پێش تر نامەی بۆ وەزارەتی خاریجه نووسیبوو تا لەو بارەیەوه دەگەڵ مقاماتی پێوەندی دار واریدی وتووێژ بن . لەو نامەیەدا هاتوه:

(وەزارەتی باڵای کار و باری دەرەوه

به له بەرچاو گرتنی ئەوەی که عێلی جاف هەمووساڵێ له کاتی گەڕانەوه له خاکی عوسما نی را بۆ خاکی ئێران دەبنه هۆی کێشه و ئاڵوزی و له ناوچوونی ماڵ و دارایی خەڵکی حودوودەکانی ئێمه .ئێستا به هۆی هێندێک بەربەستەوه بۆناردنی قوشوون له سەردەشت را بۆ پێش گرتن له کاری نارەوای عێلی ناوبراو دەستمان ئاواڵه نیه . داوامان ئەوەیه بڕیار بدەن هەرچی زووتر له گەڵ مقاماتی پێوەندی دار وتووێژ بکەن و گەڕانەوەی ئەوعێله بخەنه نێو چوارچێوەی تەرتیبات و هەل و مەرجی تایبەتەوه به جۆرێک ئیدی له خاکی ئێران دا نەبنه هۆی زەحمەت و خەسارەتی خەڵکی ئەو دەوەرانه و ئێمه له ئاکامی وتووێژەکان ئاگادار کەنەوه تا به گوێرەی رێک کەوتنەکان دەستووری پێویست بۆ لەشکری غەرب بنێردرێ. )

## وەزیری شەڕ و فەرماندەری کوللی قوا    رەزا (1)

لە نامەیەکی دیکەش دا بە ڕێکەوتی 14ی حەمەلی ساڵی 1302ی ه.ش لەو بارەیەوە دەنووسێ:

(بە دوای نامەی شوماره 12 ڕێکەوتی چواری حەمەل سەبارەت بە پێش گرتن لە دەست درێژیەکانی عێلی جاف ، چونکە کاتی گەڕانەوەیان بۆ نێو خا کی ئێران نزیک بۆتەوە جێگای خۆیەتی دەستوور بفەرموون زووتر کارەکان لەوبارەیەوە ئەنجام بدرێ و ئاکامەکەی بە وەزارەتی جەنگ رابگەیەندرێ. )

وەزیری جەنگ و فەرماندەی کوللی قوشوون    رەزا

لە وەڵامی ئەو دوونامەیەدا وەزیری کاروباری دەرەوە نامەیەکی ئاوای بۆ رەزاخان نووسی.

(دوو نامەی جەنابت لە ڕێکەوتەکانی 3 و 14 ی ئەومانگە بە شوماره 12 و شومارەی 150 لە پێوەند دەگەڵ گەڕانەوەی عێلی جاف لە خاکی عوسمانیەوە بۆ ئێران بە دەستم گەیشتوە و هەر وەک داواتان کردبوو دەگەڵ سەفارەتی باڵای عوسمانی وتووێژ کراوە ، قەولیان داوە کێشەکە بە زوویی بە تێلگراف بە ئاگاداری ئانقورە بگەیەنن. (اسحاق)

ئەو کارە دیپلوماتیکانە سوودی نەبوو. وەک کوتمان سەردەشت کەوتە دەست هێزی کوردەوە. ئەو شەڕانە لە لێکدانەوەی ریشەی سیاسی کێشەکان دا بایەخیکی گرینگی نەبوو . هەڵس و کەوتی عەشیرەتی لەو شوێنانە لە درێژەی هیندێک سوننەتی لە مێژینەی خێڵەکی دا ئەنجام دەدرا و وەکوو کۆ کردنەوەی خەلک لە دەوری سیاسەتێکی دیاری کراو هەلنەدەسەنگێندرا . بایەخە گرینگەکان هەمان بایە خی عەشیرەیی بوون و عەشایر غەیری پاراستنی نفووزی خۆیان روانگە یەکی دیکە یان نەبوو. لە بەر ئەوە ناسیونالیستەکانی مهاباد نە تەنیا دەگەڵ ئەو توغیانانە کۆک نەبوون بەڵکو دەگەڵ ئەمیرعەبدوڵاخانی تەهماسبی وەزیر جەنگی پێشوو کە بۆ وتووێژ دەگەڵ سەرۆکەکانی کورد لە تارانەوە ناردرابوو تا مەجبووریان بە  تە سلیم و لایەنگری لە دەوڵەت بکا بەرەو سەردەشت وەرێ کەوتن و توغیانەکانی ئەو شوێنانەیان دامرکاند.

یەکی دیکە لە دەلیلەکانی هاوکاری ناسیونالیستەکانی مهاباد دەگەڵ ژنراڵ عەبدوڵاخان ئەمیر تەهماسبی لە سەرکوت کردنی عەشایری جنووبی مهاباد ئەوە بوو لەو زەمان دا سمایلاغایان دەگەڵ دەوڵەتی ئێران لە حاڵی وتووێژ دا دەدیت.

# راگەیاندنی پشتیوانیی رەییس عەشیرەکانی سابڵاغی موکری لە رەزاخان لە خوزستان (چوارشەممە 25ی قەوسی 1303ی ه. ش )

ساڵی 1303ی هەتاوی کاتێک رەزاخان خەریکی رێک و پێک کردنی کار و باری خوزستان و قەزیەی شێخ خەزعەل لەو ناوچەیەدا بوو چوار کەس لە رەییس عەشیرەتەکانی سابڵاغی موکری چوونە مە حمەڕە و خەنجەرێکی زێرکفتیان وەکوو نیشانەی پشتیوانی پێشکەشی رەزاشا کرد . ئەو چوار کە سە بریتی بوون لە 1. عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد رەییس عێلی دێبوکری 2. قەرەنیاغای مامەش رەییس عێلی مامەش 3. گەنجاڵی بەگ رەییس عێلی فەیزوڵلابەگی 4.عەلی خانی حەیدەری لە کەسایەتیە کانی ناوجەکە.

رەزاخان لە سەفەرنامەی خۆی دا بۆ خوزستان لەوبارەیەوە دەڵێ :

(ئەوڕۆ بەیانی چوار کەس لە رەییس تایە فە کانی ساوجبڵاغی موکریی ئازەربایجان هاتنە لای من . ئەو خانانە رێگای دووری ئازەربایجان تا بوشەهریان پێوابوو و لەوێرا بە کەشتی خۆیان گەیاندبوە مەحمەڕە . کاتیک خەزعەل و کورەکانی لە پێش من راوەستابوون ئەو چوار کەسە هاتنە ژوورەوە و بۆ سپاس کردن لەو زەحمەتانەی لە رێگای ئارام کردنەوەی ناوچەی پڕ کێشەی ئازەربایجان کێشابووم خەنجەرێکی زێرکفتیان پێشکەش کردم . میزانی کەیف خۆشی من لەو قەدرزانینە بە ئە ندازەی سەرسووڕمان و دڵگیری خەزعەل بووکە ئەو چەشنە ئیحساساتەی لە عەشیرەکانی ئێران

چاوەڕێ و باوەڕ نەدەکرد . هاتنە ژوورەوەی ئەو کەسانە بە لیباسی تایبەتی خۆیانەوە کە تا ئەو کات خەڵکی مەحمەڕە چاویان پێی نەکەوتبوو و پێشکەش کردنی خەنجەری زێڕ کفت و جەواهێرنیشان کە عەلامەتی کەماڵی قەدرزانینی ئەو عەشایرە شەڕکەرو ئازایانە بوو لە سەر ورە و فکری خەزعەل کارکردێکی قووڵی هەبوو . پەرۆشی و سەرسووڕمانی پێوە دیاربوو و تێ گەیشت کە کارەکانی من هەر لە چوارچێوەی خوزستان دا نیە . لە ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکەش خەزعەل هایەک هەبوون کە ماوەیەک بە ساز و زوڕنای بێگانە هەڵپەڕیون و ئەوڕۆ لە سەر زەوی سارد دانیشتوون . چونکە دیتی چاوم لەو بڕیوە فەورەن زیرەکی کرد و بە پیرۆزبایی کردن هاتە پێش و هێندەی خۆشحاڵی و شادی نیشان دا کە مەجلیسەکە بە شێوەی سروشتی خاتیمەی پەیدا کرد. ئەمنیش دڵدانەوە و نەوازشی ئەو خانانەم کرد . بەراستی ئەو دیاریەی بۆیان هینابووم زۆر موناسب و بە جێ بوو. عەشایری ناوچەکانی ئەوان خەنجەریان لە کن عەزیز و خۆشەویستە و لە بە کار هێنانی دا مە هارەتیان هەیە. لە هەڵگرتنی خەنجەر و و راگرتنی پێ داگری دەکەن و ئیحترام نیشان دەدەن. زۆربەی شەڕەکانی پێشوویان بەو چەکە بوە. ئێستا کە چەکی ئاورین یان هەیە لەوچەکە قەدیمی و خۆشەویستە یان سەرفی نەزەریان نە کردوە . خەنجەر یانی کلیلی عەشایری کوردستان و ئازەربایجان . ئەمن عەمەلەن ساڵی رابردوو ئەو کلیلەم کەوتبوە دەست و ئەوڕۆ ئەو خەنجەرە وەکوو سەمبولی ئەو سەرکەوتنانە قوبووڵ دەکەم و وەکوو یادگار رای دەگرم. خەزعەل فەوری دەستی بە پە زیرایی لەو میوانانە کرد و وەسایلی راحەتی ئەوانی فەڕاهەم کرد. (2)

عەلیاغای ئەمیر ئەسعەد کە جوزوی ئەو گورووهە بوو دەڵێ : چەند رۆژ دوایی یانی (29ی قەوس)دەگەڵ رەزاخان چووینە بەغدا و کەربەلا . کاتێک گەیشتینە ئەو شوێنانە رەزاخان کوتی ئێوە بچنە زیارەتی ئیمامی خۆتان و ئەمنیش دەچمە زیارەتی ئیمامی خۆم. دوایە لە رێگای ئەسەدابادەوە هاتینەوە مهاباد .

## هاتنی رەزاخان بۆ مهاباد لە مانگی موردادی 1304ی هەتاوی دا

سێ مانگ پێش وەلانانی بنەماڵەی قاجار لە سەر تە خت و بەرقەرار کردنی سەلتەنەتی مەورووسی لە بنەماڵەی پەهلەوی دا لە مانگی موردادی ساڵی 1304ی هە تاوی دا بۆ قایم کردنی پێگەی کۆدەتا و جەلبی نەزەری سەرۆکە کانی کوردی موکری رەزاخان وەکوو وەزیرەلوزەرا لە کاتێک دا شێخ خەزعەلی لەگەڵ بوو هاتە شاری مهاباد.

## سپابود ئەمیر ئەحمەدی لە مهاباد (1306ی هەتاوی)

سپابود ئەمیر ئەحمەدی کە زاهیرەن دوای سەرلەشکر خەزاعی بوو بە فەرماندەی لەشکری غەرب لە کتێبەکەی خۆی دا بە نێوی (خاطرات نخستین سپهبد ایران) دەنووسێ: لە هەوەڵی بەهاردا کە لە شەڕی سمکۆ و شاسێوان دا فەراغەتێکم پەیدا کردبوو هێزێکم ئامادە کرد کە بەرەو سەردەشت بڕۆم. بە گوێرەی ئەو خەبەرانەی جاسووسە کان مان ناردبویان پشدەریە کان بە هۆی ئەو بوغز و دوژمنایە تیەی بویان قەسەبەی سەردەشت یان ئاور تێ بەردابوو و دەگەڵ خاک یە کسان یان کردبوو. رەعێتە کانی ئەوناوچەیە هەڵاتبوون و تایەفەی پشدەری موتلەقولعینان لە هیچ چەشنە دەست درێژی و تەجاوزێک خۆیان نەدەپاراست. دوستونی نیزامی یەکیان بە فەرماندەیی سەرتیپ حەسەنی موقەدەم و ئەوی دیکە بە فەرماندەیی سەرهەنگ کەلبعەلی خان لە سابڵاغ دامەزرێندرا. رەییسی عێلەکانی شکاک و مامەش و گەورک و مەنگوڕ و دێبوکریم ئیحزار کرد و پێم کوتن هەر کامیان دەگەڵ عیدەیەک سوار لە تایەفەی خۆیان لە سابڵاغ ئامادەبن. ئەو عێلانە کە لە وەتەن پەرستانی بە گوڕ و تینن بۆ هەر پێشامەدێک هەوڵیان دەدا لەوی دیکە وەپێش کەون . کاتێک ئەو هێزانە لە مهاباد دامەزرێندران و بەرەو سەردەشت وەرێ کەوتین تا نزیک چۆمی گەورەی گەورک تووشی هیچ مانعێک نەبووین بەڵام لەوێ تایەفەی پشدەری کە چەند مانگ خۆیان ئامادەی رۆژێکی وا کردبوو بێجگە لەو چەک و سیلاحەی کە لە عێراقەوە دەگەڵ خۆیان یان هێنابوو چەک و موهیماتی پادگانی سەردەشتیشیان کە دەستیان بەسەر دا گرتبوو لە ئیختیار دابوو، دەگەڵمان بە شەڕهاتن. لەوشەڕەدا پشدەریەکان زیانی گیانیی زۆریان بوو و بەربەرەکانیان پێ نەکرا و لە ئاکام دا بەرەو سنوری عێراق گەڕانەوە و چونکە نەدەکرا لە نێو خاکی عێراقیش دا راویان نێین ئەو عیدەیان

که هەڵاتنەوە نێو عێڕاق تووشی داوی موجازات نە هاتن. لەو عەشایرەی هاوکاری ئێمەیان کرد قەرەنیاغای مامەش رەییسی مامەشان بریندار بوو و هیندێک لە عەشایری دیکەش کوژراو و برینداریان هەبوو. دوای ئەوەی قەسەبەی سەردەشت مان لە دەست پشدەریان دەرهێنا رێگای شووسەی نیزامی بەینی مهاباد و سەردەشتم کێشا و سیمی تێلگرافم دامەزراند.

## جیهادی چەکدارانەی مەلا خەلیلی گۆڕۆمەر (1307ی هەتاوی)

رەزاشا لە پێوەند دەگەڵ بەڕێوەبردنی سیاسەتی بێگانە و بە مەنزووری جیاکردنەوەی خەڵکی موسوڵمان لە ئەسڵ و تەباری خۆیان و ئاڵۆزاندنی هوویەتی نەتەوایەتی ئەوان بەو بەهانەیە کە ئیختلافی زاهیریی جل و بەرگ دەبێتە هۆی ئیختیلافی باتنی و نیفاق؟؟؟ بە یەک شکڵ کردنی جل و بەرگ ویستی تایبەتمەندی قەومی و نەتەوەیی خەڵکی موسوڵمان ئاڵۆز بکا و لە ژێر ناوی دیاردەکانی پێشرەفت و تەمە دون شەرافەتی نەتەوەیی ئەوان بە تاڵان بەرێ. ئەو سیاسەتە شەرم هێنەرە دەگەڵ بەربەرەکانی نەتەوەی ئێمە بەرەو روو بوو. مەلاخەلیلی گۆڕۆمەر پێشەوای ئەو جیهادە موقەدەسە بە پاڵەوپشتی پایەکانی دینی و عەقیدەیی ، کوردەکانی بۆ خەبات لە دژی رەزاخان رێکخست. ئەو هەنگاوە دەرباری پەهلەویی ترساند و رەزاخان بۆ پێش گرتن لە بڵاوبوونەوەی شۆڕش ، شۆمارەیەک لە لە بڵیند پایەکانی خۆی ، لەوانە سەرلەشکر حەسەنی موقەدەم (سەرتیپ زەفەرولدەولە) و کەلبعەلی خا نی بەرەو مهاباد نارد تا شۆڕشە کە دامرکێنن . بەڵام ئەو کارانە سوودێکی نەدا و سەرەنجام رەزاخان تەسلیم و مەجبوور بوو ئەو حوکمانەی سادری کردبوو ئاڵو گۆڕیان تێدا بکا . چەند مانگ دوای دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە رەزاخان بۆ ئێتمینان حاسڵ کردن لە خاتیمەی شۆڕش و دڵدانەوەی خەڵکی ناوچەکە لە هاوینی 1307ی هەتاوی دا بۆ جاری دووهەم هاتە مهاباد بەڵام وەکوو هەمیشە دەگەڵ سارد و سڕی خەڵکەکە بەرەو روو بوو.

(شەرحی مەفەسەلی ئەو رووداوانە لە بەشی دووهەمی ئەو کتێبەدا ، فەسڵی بونیادگەرایی ئیسلامی ، بە وردی دەنووسم)



از چپ به راست:قرنی آقای مامش،علی خان حیدری،سرهنگ کلبعلی خان،علی آقای امیر اسعد،گنجعلی بیگ فیض الله بگی باباخان.
این عکس پس از اعلام همبستگی هیئت مهابادی با رضاخان و مراجعت آنها از محمره و بغداد و کربلا به مهاباد برداشته شده است.



سرلشکر احمد امیر احمدی در میان کردها

درێژەی هەیە

(1). گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی . دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه

(2).سفرنامه رضاشاه به خوزستان ، صفحات 211، 212